www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 18:31 20-2-2007

## عوسمانی حاجی مەحمود، مەزنتر لەمەزنی و گەورەتر لە پاكێتی... خالید عەبدولكەریم حەلاو

لەبیرمە جارێكیان كتێبێكی (مەریوان وریا قانیع) م پێشكەش كردی و لەبەرگەكەی نوسیبووم پێشكەشە بە پیاوی نێو مێژوو، هەرچەندە من ئەو قسەیەم لەخۆوە نەكردبوو و یاخود عاتیفە وەهام لێبكات ئەوە بنووسم، ئەوكاتەش ئەو كتێبەم بۆ هێنای بەجەستەی ماندووە و وەكو خ و یندكاری هاوپیشەكانم لە كۆلێژ بەشداربووم لە خۆپیشاندانی نارەزایەتی دژی لەشكری توركیا ئەنجامان دابوو، من و ملیۆنان وەكو من دەیانزانی تۆ ئەو مرۆڤانەت خۆشدەوی كە بەراستی دەیانەوی ئەم واقیعە ناخۆشە چاك بكری، هەربۆیەشە ئەو رۆژە بەرهەمی ئەو نووسەرە چاكخوازەم پێشكەش كردی دڵنیابووم هەموو ئەوانەی نارەزابوون لەم بارودۆخە بێسەرووبەرە چاوەڕوانی سەركردەیەكی پاكی وەكو تۆ و هاورێكانی تۆیان دەكرد تا كۆتای بەو مێژووە ناخۆشە بهێنیری و لاشەی لاتی ئەم گەلە هەژارەش لەدەمی گورگەكان دەربهێنیری، وەلی كات رۆیشت و گەل برسی تر و كێشە و ئاڵۆزی زۆرتر و جگە لە لاواندنەوەی تۆ و هاوەڵەكانت كەس و كاری شەهیدان و ئەنفالەكان بێنازتردەكران، تۆ لاویتیت بە پاكی هێنا، پێشمەرگایەتیت بە پاكی، لێپرساوێتیت بە پاكی و دەست لە كاركێشانەوەتیش نیشانەی هەموو پاكیەكانتە، ئێستاش هەموو دڵسۆزانی ئەم گەلە ئەم كارەتیان چاوەروان دەكرد، حیزبێك كە چۆڵ بێت لەسەركردەی خاوەن فیكرو خاوەن جەماوەر، تۆ چۆن جێگات تیایدا دەبێتەوە، لە حیزبێكی نەتەوەیی و فراوانەوە بگۆڕی بۆ حیزبێكی كارتۆنی و كۆمپانیایەكی زەبەلاحی بازرگانی تۆ كەی ئەمەتە قەبوڵە تا درێژەی پێبدەی، وەلی تۆ بۆیە قوربانی خۆیینت تیایدا بەخشی درێژە بداتە بەرنامە پێشووەكەی خۆی، ئێمە بیرمان نایەت بەڵام نەوەكانی پێش ئێمە كە دەگێرنەوە لە ئێزگەی جارانی حیزبەكەتانەوە فەرهادی خۆشتەویستی ئەوسا و گەندەڵی ئێستا هاواری دەكرد و دەیگوت ئەگەر بەعس هەر شوێنێك بروخێنی ئێمە بە چوارقات ئاوەدانی دەكەینەوە، توو ویژدانتان سەرانی ئەم حیزبە كامەیە ئاوەدانیتان؟؟؟ ئەوەی بەعس نەیرووخان و فریای نەكەوت ئێوە نەتان كرد؟؟ زۆر لە دڵسۆزان و سەركردە غەمخۆرە راستەقینەكان هەوڵیان دەدا ئەم حیزبە نەكەوێتە تەنگژەی لەناوچوون و گۆڕانی بۆ دیكاتۆریەت، بەڵام هیچ سودی نەبوو، دوای ئەوەی یەكێتی بەخەستی پێی نایە نێو ئەو ناكۆكی یەوە كە هەلپەرستانی دروستیان كردبوو و نەیاندەهێشت لەسەر بنەمای فیكر یەكلابكرێتەوە، زۆرێك لە هاورێانت كۆتایان بەو هاوارەیان هێنا و بێئومیدبوون لەوەی كە یەكێتی هەناسەی ژیانی تێادا مابی، لەمەشیاندا تۆ سەبری ئەیوبت هەبوو و نەهامەتی نەتەوەكەت لەلا گەورەتر بوو لە ململانیی نازانستی، هەرچەندە لەولاشەوە سەرۆك كۆماری ئازیزمان باكی نەبوو كە مێژوو چۆن دەنوسرێتەوە، قوتبەكەی فراوانتردەكرد و رۆژ بەرۆژیش حیزب لە كۆمپانیای بازرگانی نەبی لە هیچی تر نەدەچوو و دوێنی خائین و ئەمرۆ سیمبۆلی قارەمانێتی و دوێنی دیكتاتۆری و ناوزراندنی چاكەخوازەكان لە هەڵبژاردن و ئەمرۆش پلینیۆمی چەپڵە و بە خێزانكردنی یەكێتی، كێ ماوە بپرسی ئەری بەراست یەكێتی خەریكی كام بابەتی ناسیونالیستیە؟!! كێ ماوە بپرسی ئەری سەركردەی ئەم حیزبە بەتەمایی كام مۆدیلی حوكمی ئاخیر زەمانە؟!! كێ ماوە بپرسی ئەری بەراست ئەو هەموو مەسولە نامەسولە بازرگانانە تاكەی یاری بە موقەدەساتی ئینسانەوە دەكەن؟!! ئەی بەرنامەی خزمەتكردن بە ئەنفال و كەس و كاری شەهیدان چی لێبەسەرهات؟!! ئەفسۆس ئەوە تەنها عوسمان بوو مابوو داكۆكی لەسەر ئەوانە دەكرد، هەموومان ئەو قەناعەتەمان هەیە ئەگەر یەكێتی هەزار ساڵ تریش بژی هەرچەندە مەرگی كەمێكی ماوە، ناتوانی عوسمان و هاورێكانی دروست بكاتەوە، تو ویژدانتان، سەركردەیەك خیانەتی نەكردبی و رابردووی لێڵ نەبی و هەرەشە ناوخۆی و دەرەكییەكانی سەر میلەتەكەی هەس پێبكات، سەركردەیەك خاوەن فیكرو بەرنامە بێت، سەركردەیەك باوك و برایەكی لەرێگای حیزب و نەتەوەكەی دا بەخت كردبی، سەركردەیەك بەردەوام هاوریەكی نزیكی كادیرە دڵسۆزەكانی حیزبەكەی

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بێ باوك و برای کەس و کاری ئەنفال و شەهیدە سەربەرزەکان بی، دەرگای ماڵەکەی و وەزارەتەکەی لە سەرپشت بی بۆ هەموو کوردێك، سەرکردەیەك هاوری و دۆستی نزیکی ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنوسان بێت و داوێ پاکێتی ئەو خۆشی سەر زمانی خەڵك بی!!!!چۆن ڕێگەی پێدەدری لە نێو یەکیتیدا بژی؟
هەموو کورد دەزانی ئەوە کەڵبە تیژەکانە چاوەڕوان بوون تۆ کۆڵ بدەی و چیت داوە لە میلەتەکەت و کەس و کاری ئەنفال و شەهیدان و هەژاران، من دڵنیاشم کە ئێستا تۆ هیچ کات پێتباش نیە من ئەم چەند دێڕە دەنوسم، بەڵام هەموان دەزانن لەوکاتەوەی هەستم کردووە دەتوانم بنووسم نەمتوانیوە دێڕیك بنووسم لەخزمەتی حیزبدابی، پێشموابووە لەم وڵاتە گلاسێك بشکی دەستی حیزبی تیادابووە، بەڵام بەردەوام ئێمەومانان ئومێدمان کردووە ڕۆژێك بێت و ڕیگە بدری بە پیاوە پاکەکانی ئەم حیزبە، تاوەکو فریای بکەون و بئیومێدی خەڵکیش کۆتای پێبێنن وەلی من و ملێونان وەکو من ئەمرۆ بە وازهێنانی تۆش ئەو ئومێدەمان خستە چاڵەوە، و تازە جگە لەمەرگ چاوەڕوانی چیدیکە لەم حیزبە ناکری. . . . . . . . . . . . .

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.